# نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی

<u>ڕاپۆرتی ناوخۆ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە 15 کانونی یەکەم , ساڵی 2005 .</u>

دامەزراندنی لە مانگی کانونی یەکەم لە ساڵی 2004 بوو , بۆ هەڵسەنگاندنی ئامادەکردن لە هەڵبژاردنی عێراقی و پێش کەش کرِدنی زانیاری و شارەزایی لە کاتی کارکردن و چالاکی کە بەردەوام بوو و بە سێ هەنگاو لە ماوەی ساڵی 2005 . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی کە پێك هاتووە لە چەند پەیکەرێکی بێ لایەن بۆ بەرێوە بردنی کاری هەڵبژاردن لە چەند وولاتێکدا چەند یارمەتیەکی گرنگ پێشکەش دەکات بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی بۆ هەڵبژاردن لە عێراق.
نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی چەند ڕاپۆرتێکی بڵاوکرد لەسەر دەنگدانی کانوونی دووەمی ساڵی 2004 , و ڕاپۆرتێکی تر لەسەر هەڵبژاردنی دەستوور لە مانگی تشرینی یەکەم , ئەم دوو ڕاپۆرتانە هەن لەسەر ئەم شوێنە www.imie.ca.

چالاکی ئەم ڕاپۆرتە بۆ شەش بابەتە : چوارچێوەی یاسا , ئامادەکردن بۆهەڵبژاردن , فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەر , بەدوا داچوونی سکاڵاکانی پێش هەڵبژاردن , تۆمارکردنی دەنگدەر و ڕێدان بە قەوارە سیاسی یەکان , دەنگدان , سەرژمێرکردنی دەنگەکان و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان , سکاڵاکانی پاش دەنگدان و هەڵبژاردن لەدەرەوەی ووڵات , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی ئەم کارانە ڕوون دەکاتەوە لە ڕاپۆرتە کۆتایی یە کەدا.

## چوارچێوەی یاسایی :

چوارچێوەی یاسایی لەهەڵبژاردنی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ چوارچێوەی نێودەوڵەتی لە سەر ڕێسای دیموکراتی .
هەموومافە سیاسی یەکان کەپەیوەندی هەیە بەسەربەستی پارێزراوە وەکو هەڵبژاردنی نهێنی و ڕێ پێدان لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنێکی کراوە .
یاسای هەڵبژاردن ڕێ ئەدات بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کەپێك هاتووە لە 275 جێگا , 230 جێگا دابەش کراوە لەسەر 18 پارێزگا , بەپێ ی ژمارەی دەنگدەران کە تۆمارکراون لەهەر پارێزگایەکدا . 45 جێگای قەرەبوویی دابین دەکرێت یەکەم بۆ قەوارە سیاسی یەکان کە جێگای دەست نەکەوتووە لە 18 پارێزگاکان , جێگا ماوەکانی تر دەدرێت بەپێ ی ڕێژەی دەنگە نیشتمانی یەکان کە دەکەوێتە دەست قەوارە سیاسی یەکان .

ڕژێمی دەنگدان هەوڵ ئەدات بۆ دابین کردنی یەکسانی لە نێوان بەرژەوەندی زۆرترین و کەمترین , بەڵام ئەم کارە کارێکی گرنگە و ئاسانیش نی یە بەتایبەتی لەلایەن قەوارە سیاسی یەکان و دەنگدەران .

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کردووە کە چوارچێوەی یاسایی بریتی یە لە چەند ڕێسایەکی گرنگ کە پەیوەندی بەیەکسانی ڕەگەزەوە هەیە , کە پێویستە 25% لە چێگایەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دابین بکرێت بۆ ئافرەتان ئەم کارەش هەنگاوێکی گرنگە کەلەزۆربەی ڕژێمی هەڵبژاردنی دیموکراتی تردا تیایدانی یە .

لەهەمان کاتدا نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کردووە کەیاسای هەڵبژاردن چەند مەرجێکی داناوە بۆ تەمەن و خوێندەوار لە خۆ هەڵبژاردندا , ئەم مەرجانەش توندوتێژتر بوو لەڕێساکانی نێودەوڵەتی .

ئەم خاڵانەی کە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی باسی کرد لە ڕاپۆرتەکەی لە مانگی کانوونی دووەم پێویستە ڕەچاوبکرێت لە کۆتایدا , وەکو کە تێبینیمان کرد پێشتر کەچوارچێوەی یاسای پێك هاتووە لە ژمارەیەکی زۆر لەیاسا , کەکاری پێ دەکرێت لەپاش ڕۆژداو و کاردەکات لەسەر لابردنی دووبارە بوونەوەی چەند هەنگاوێك و کاری بەرپرسەکانی هەڵبژاردنئاسان دەکات.

## چەند ڕاسپاردەیەك :

- تێکەڵ کردنی لیژنەی عێراقی بۆ هەڵبژاردن بەیەك لایەنی یاسادانان .
- پێویستە کارەمەی خۆ هەڵبژاردنی سیاسی ڕێك بکەوێت لەگەڵ کارامەیی خۆ هەڵبژاردنی دەنگدان.
- دانانی ڕژێمێکی دارایی و سیاسی کە توانای ڕاگەیاندنی هەبێت بۆ ماوەیەکی دوور.

## ئامادەکردن بۆ کاری هەڵبژاردن :

بەشێوەیەکی گشتی پلان دانان بۆ هەڵبژاردن ڕێك و پێك بوو.
کۆمسیونی باڵا بۆ هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بەکردنەوەی نزیکی 6400 بنکەی دەنگدان و 32000 ویستگەی هەڵبژاردن بەرێژەی 5 ویسگەی هەڵبژاردن لە هەر بنکەیەکی دەنگدان وهەر ویستگەیەکی هەڵبژاردن بەکارئەهێنرێت بۆ نزیکەی 500 دەنگدەر.

کۆمسیونی باڵا بۆ هەڵبژاردن لە عێراق بۆ ئەم مەبەستە 200000 فەرمانبەری هەڵبژاردن دابین کرد و 400 فەرمانبەر زیاتر بۆ پارێزگای ئەنبار دابین کرد بەهۆی باری ئاسایش کەلە ناوچەکەدا هەیە.
وادیارە کەبنکەی سەرژمێری دەنگەکانی نیشتیمانی بەشێوەیەکی زۆر رێك و پێك بوو جگەلەوەی کە کۆمسیونی باڵا بۆ هەڵبژاردن لە عێراق دابەش کردنی کاری 200 فەرمانبەر سەرانسەر 24 سەعات کاریان دەکرد بەشێوەیەکی گۆڕێنەوە .
بەشێوەیەکی گشتی ئەم هەنگاوانەی کە کۆمسیونی باڵا بۆ هەڵبژاردن لە عێراق پێ ی هەستا داوا کاری یەکانی هەڵبژاردن هێنایەدی .
بەشێوەیەکی گرنگ ئەم هەنگاوانە بۆ فەرمانبەری دەنگدان کرداری هەڵبژاردنی ئاسان کرد هەنگاوبەهەنگاو .
بەڵام ئەم هەنگاوانە لیستەی جیاجیا بۆ تۆمارکردنی دەنگدەر بۆ قەوارە سیاسی یەکان نەی هێنایەدی. نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کرد کەئەم ڕاسپاردەیە جێ بە جێ نەکرا . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی دووپاتی کردەوە کە پێویستە لیستەی تۆمارکردنی دەنگدانی دەنگدەر بۆ نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان و ڕێکخراوی نێۆدەوڵەتی باوەرپیکراو دابین بکرێت , چونکە دابین کردنی ئەم لیستانە بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ قەوارە سیاسی یەکان و ڕێکخراوی نێۆدەوڵەتی باوەرپیکراو کاردەکات لەسەر لابردنی گومان بەرامبەر کرداری ژماردن .

بەسەبارەت ئەم کارانەی کە هاتە دی لەماوەی ساڵی ڕابردوودا کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بەدوو هەنگاوی بەدواچوونی بۆ هەڵبژاردن , هەنگاوی یەکەم بریتی بوو لەووشیار کردنەوە بۆ نەهێشتنی ڕوودانی فێڵ کردن لە دەنگدان تا دەنگدانەکە بەشێوەیەکی رێك وپێك و دیموکراتی بڕوات لەهەمان کاتدا کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بەکۆکردنەوەی ڕاستیەیەکان وڕاگەیاندنی بە فەرمانبەری کۆمسیۆن.

هەنگاوی دووەم بریتی یە لە تاقی کردنەوەی کەلوپەلی دەنگدان و ژمارەی ویستگەی هەڵبژاردن کەکراوەتەوە لە ڕۆژی دەنگدان و دڵنیابێت کەدەست کاری نەکراوە.
کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق پیاچونەوە ئەکات لەسەر ژمارەی نموونەی ژماردن بەبەراوەردکردن لەگەڵ ژمارەکانی کە تۆمارکراوە تادڵنیابێت کەهیچ دەست کاری یەکی نەکراوە .
کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ئەم کارانە بەشێوەیەکی تایبەتی دەکات لەو پارێزگایانەی کە سکاڵای زۆری لێ کراوە یان لەهەر کوێ ئەنجامەکان پێویستە ڕوون بکرێت .
نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کرد لە کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بەدوا داچوونێکی تایبەت بکرێت لە پارێزگای ئەنبار بەسەبارەتی باری ئاسایش کە تیایدا هەیە و ئاسان کردنی بەشداری کردنی کۆمەڵگای سونی بکات.

## ڕاسپاردەکان :

بەسەبارەت ڕاسپاردەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی دوای هەڵبژاردنی کانوونی دووەم پێویستە کۆمسیونی باڵای کەلیستەی تۆمار کردنی دەنگدەر دابین بکات بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و قەوارە سیاسی یەکان .

## فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەر :

کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بە ڕاگەیاندنێکی خێرایی لەماوەیەکی کورتدا , و هەستا بە گەشتیکێکی فێر کردن و ڕاگەیاندن بۆ دەنگدەر لەگەڵ ئەوەی کە یاسایەکی دەنگدان نەبوو کەڕێ بدات بەکۆمسیۆنی باڵا بۆ فێرکردن و ڕاگەیاندن .

کۆمسیۆنی باڵا هەستا بەکاری ڕاگەیاندن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی کۆماری ولەلایەن هەموو نووسینگەکانی دەنگدان کە ژمارەی 542 نووسینگەیە کە دابەش کراوە لە عێراق و هەر نووسینگەیەك فەرمانبەری ڕاگەیاندنی کۆماری تێدایە.

کۆمسیۆنی باڵا هۆی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆری بەکارهێناوە , وەکو بابەتی چاپ کراو , ئەنتزنێت , کۆنگرەی نوسەران , کۆبوونەوەی فێرکردنی دەنگدەر , بەڵام بابەتی سەرەتایی بۆ ڕاگەیاندن تەلەفزیۆن بوو دوای ئەوە ڕادیۆ و دوای ئەوە بابەتی چاپ کراو.

کەناڵی عێراقی و هەموو کەناڵەکانی نێودەوڵەتی یەکان هەستا بەبەخش کردنی بانگەوازی تایبەت بەدەنگدان بە شێوەیەکی ڕۆژانە لەهەمان کاتدا بانگەوازی دەکرا لە ڕادیۆدا بە شێوەیەکی ڕۆژانە , و بەخش کردنی گفتوگۆ ی سیاسی یەکان.

کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بە دروست کردنی کۆمەڵێك پۆستەر و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بەچەند زمانێکی جیاجیا لەسەر دەنگدان و بڵاو کرایەوە لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا .

ولەهەمان کاتدا هەستا بە چاك کردنی شوێنی تایبەت لەسەر تۆڕی ئەنتزنێت کەباسی چۆنێتی دەنگدان دەکات لەدەرەوەی عێراق , و بەشێکی تایبەت تێدایە بۆوەڵام دانەوە ی پرسیارەکان بەسەبارەتی دەنگدان.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کرد کە کۆمسیونی باڵای بەشێوەیەکی تایبەت ڕووی کردە فێرکردنی ئافرەتان , و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان , و گەنجەکان , و سجن کراوەکان , ونەخۆش لە نەخۆشخانەکان , و بەشێوەیەکی تایبەتی گەشتەکانی ڕاگەیاندن ڕووی کردە ئەو ناوچانەی کەلە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم بەشداری کەمی تیداکرابوو .

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کرد کە گەشتی زانیاری کۆمسیونی باڵای گرنگی دابە چۆنیتی دەنگدان و هەنگاوەکانی . بەڵام لەهەمان کاتدا نێردراوی نێودەوڵەتی تێبینی کرد کە فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی لەسەر چۆنیتی دابەش کردنی جێگایەکان لەئەنجومەنی نوێنەران کەم و کورتی تێدابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەنگاوەکانی چۆنیتی پێش کەش کردنی سکاڵا ڕوون نەکرابوو بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بۆ دەنگدەر.

## ڕاسپاردەکان :

- پێویستە لێکۆڵینەوە یەك بکرێت بۆدانانی ڕژێمێکی یاسایی کەخولی کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ڕوون بکاتەوە بۆ ئاسان کردنی فێرکردن و ڕاگەیاندن بەدەنگدەر .
- پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەسەر بە کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کەدان بنێت بە هەڵس و کەوتەکانی بەرامبەر فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەر.
- فراوان کردنی هاوبەشی کردن لەگەڵ ڕێکخراوی نا حکومی .
- پێویستە قەوارە سیاسی یەکان پاڵ پێوە بنرێن بۆ یارمەتی دانی دەنگدەر لەلایەن ڕوون کردنەوەی زانیاری سەبارەت بە هەڵبژاردن , وەکو چۆنێتی دابەش کردنی جێگاکان .
- پێویستە لەسەر کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق زیاتر ببەخشێ سەبارەت بە کرداری سکاڵا.

# فەرمایشتەکانی سکاڵا پێش دەنگدان :

بەشێوەیەکی گشتی فەرمایشتەکانی سکاڵاکە کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە دای ناوە ڕێ ئەدات بە کۆمسیونی باڵای بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاستی ئەم سکاڵانە و بڕیار بدات لەسەری.
لەکاتی ئەو فەرمایشتانەی کە داندراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەزۆربەی بەشەکانی وەکو فەرمایشتەکانی کەبەکار هێنراوە لە هەڵبژاردنی تشرینی یەکەم , بەڵام چەند گۆڕینێکی گرنگی بەسەر داهاتووە :

– ئەتوانی سکاڵا پێش کەش بکەیت بەشێوەکی ڕاستەوخۆ لە ویستگەی دەنگدان یان لە بنکەی دەنگدان.

– هەموو سکاڵاکانی کەپێش کەش دەکرێت لە ویستگەکانی دەنگدان ئەخرێتە ناو زەرفێکی مۆرکراو بۆ دڵنیابوون کەدەست کاری نەکرێت دوای ئەوە ئەبرێتە کۆمسیونی باڵا بۆ لێکۆڵینەوەی.

لەهەمان کاتدا کۆمسیونی باڵای بەبێ ڕێپێدانێکی ڕوون کراوە چەند مەرجێکی زیاتر داناوە لەسر پێش کەش کردنی سکاڵا :
ماوەی پێش کەش کردنی سکاڵا کەم کرایەوە لە 7 رۆژ ( وەکو پێش تر لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم ) بۆ 3 رۆژ لەگەل ئەوەشدا گۆڕینێك کرا لە نموونەی سکاڵا لە ویستگەی دەنگدان و ئەم نموونەیە پێویستە کە ناو و ئیمزای و تێبینی فەرمانبەری ویستگەی لەسەر بێت , جگەلەوەی ئەگەر سکاڵاکە دژی فەرمانبەری ویستگەکە بوو لەهەردوو کاتدا ئەبێت نموونەی سکاڵا تێبینی و ئیمزای فەرمانبەری بەرپێسکی بنکەی دەنگدانی لەسەر بێت.
ئەم ڕاستیایە وادەردەخات کە کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کەمی هەیە لە فەرمانبەر و سەرچاوەکان ئەوانەی کەبتوانن لێکۆلینەوە بکەن لەو هەموو سکاڵانە.
لە کۆتایدا نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی هیچ شتێکی بەدەستەوە نی یە کە کۆمسیونی باڵا بەدوا ڕۆشتنی نەکردووە بەرامبەر لادان لە یاسای هەڵبژاردن کەلە کانوونی دووەم ڕووی دا.

## ڕاسپاردەکان :

نێردراوی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکی دوای هەڵبژاردنی کانوونی دووەم بڵاویکردەوە , کە پێۆیستە لەسەر کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

• ڕوون کردنەوەی فەرمایشتەکان کاتی پێش کەش کردنی سکاڵا و ڕوون کردنەوەی ماوەکەی کە بۆی دانراوە و جۆری سکاڵاکانی کە قبوڵ دەکرێت .

• بە شێوەیەکی نهێنی , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی تێبینی کردووە کە بڕیاری کۆمسیۆنی باڵا بەرامبەر داواکردنی تێروتەسەلی لەسەر شایەت و ئیمزاکان لەسەر نموونەی سکاڵا و ئیمزای فەرمانبەرەکانی ویستگەی دەنگدان و تێبینی یان لەسەر نموونەی سکاڵا پێویستە ڕوون بکرێتەوە زیاتر.
لەگەڵ ئەوەشدا نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی ڕادەسپێریچ بەم خاڵانەی خوارەوە :

• پێویستە فەرمایشتەکان یەك بگرێ لەگەڵ پێش کەش کردنی سکاڵا لەگەڵ سەرپەرستی یاسایی کەپاڵ پشتی دەکات لەبەر ئەوە پێویستە پیاچودنەوەی فەرمایشتەکان بۆ ئەوەی ڕێك بکەوێ لەگەڵ ڕاسپەردەکانی ژمارە (5 ) .

• پێویستە لەسەر کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کەهەڵبستێت بە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی سکاڵا کە بەدەستی دەگات بەشێوەیەکی ڕێکخراو یان بەلایەنی کەمەوە کۆمسیونی باڵای ئەنجامەکانی سکاڵا کەکەوتۆتە دەستی لە هەڵبژاردنی کانوونی یەکەم بڵاو بکاتەوە پێش بەستنی ئەنجومەنی نوێنەران.

• پێویستە پیاداچوونەوە لەبەشی 4 (1 ) لە ڕاسپاردەی ژمارە (5 ) بۆ درێژکردنی ماوەی پێش کەش کردنی سکاڵا تا بگاتە (7 ) ڕۆژ.

## تۆمار کردنی دەنگدەر :

لەپێناوی هێنانە دی فرسەتێکی باش تر بۆ هەموو دەنگدەران لەم هەڵبژاردنی تشرینی یەکەم و هەڵبژاردنی کانوونی دووەم کۆمسیونی باڵای هەستا بە پێداچوونەوەی لیستەکانی دەنگدەران کەئامادە کرابوو لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم .
ئەنجامەکانی تۆمارکردنی دەنگدەر لە مانگی ئاب لیستەی دەنگدەران لە 14, 3 ملیۆن دەنگدەر لە کانوونی دووەم زیاتر بوو بۆ 15, 4 ملیۆن دەنگدەر .

هاولاتیانی عێراقی لە دەرەوەی وولاتی عێراق توانای دەنگدانیان هەبوو لە بنکەکانی دەنگدان کەلەو شوێنەی نێشتەجێن لەماوەی 13-15 کانوونی یەکەم 2005 .
هەندێك کەس گومانی دەربڕی بەرامبەر پێداچونەوەی لیستەی دەنگدەران کە لە پارێزگای کەرکوك کرا , کە لە 87000 تۆمارکردنی دەنگدەرانی تازە 81000 لەم تۆمارکەرانە هەڵەی تیدابوو.

کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کۆمەلێك تازە لە فەرمایشتەکانی زیاد کرد لە شەش ویستگەی دەنگدان لە کەرکوك کە هەڵەی تێدابوو, کە لیستەی تازە بەکار هێنا کە ناوی دەنگدەرانی تێدایە ئەوانەی پێش تر ناویان لابردبوو لە لیستەکان.

ئەگەر یەك لە دەنگدەران ئامادە بوو لە بنکەی دەنگدان و تۆمارکردنی ناوەکەی لە هیچ یەك لەلستەکان دیار نەبوو , لەم کاتەدا ئەتوانن کۆپی نموونەی تۆمارکردنی پێشووی دەربخەن لەگەڵ ناسنامەیەکی ڕەسمی.

ئەگەر نموونەی تۆمارکردنی پێشووی ێ نەبوو , بۆی هەیە دەنگ بدات دوای پێش کەش کردنی دوو ناسنامەی ڕەسمی بۆ فەرمانبەری ویستگەی دەنگدان.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی لە ڕاپۆرتێکی کۆتایی دا باسی چۆنێتی تۆمارکردنی دەنگدەران دەکات .

## ڕێگادانی قەوارە سیاسی یەکان :

بەشێوەیەکی گشتی ڕاسپاردنی ڕێدان بە قەوارە و یەکگرتووە سیاسی یەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان یەکسان بوو لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی کەبەکار هێنرا لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم .
ژمارەی قەوارە سیاسی یەکان بەرەو زیادبوون چوو ئەو ڕاسپاردانەی کە کۆمسیونی باڵا دای نابوو پێش هەڵبژاردن زۆر بەئاسانی ژمارەی قەوارە سیاسی یانەی زیاتر کرد , کۆمسیونی باڵا ڕێ دابە 307 لایەنی سیاسی و 19 یەکگرتووی سیاسی بۆ ئەم هەڵبژاردنە و ئەتوانین تێبینی بکەین کەکۆمەڵە سونی یەکان گرنگیان دا بەم هەڵبژاردنە , ئەمەش پێش کەوتنێکی باشە لە عێراق.
سەرجەم داواکاری یەکانی ڕێ پێدان توندوتیژ نەبوو و ئەو پارەیەی کە داندرابوو توانەی بەسەر ئەکرا , و هیچ سکاڵایەك نەبوو بەرامبەر پێویستی یەکانی ڕێ پێدان لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم .

ئەوەشوادەردەکەوێ کە هیچ گۆڕینەوەیەك نەبوو لەسەر شێوەی ڕێ پێدان , لە هەمان کاتدا دەرگایەکی کراوەی بەجێ هێشت بەرامبەر کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە بریار بدات لە داواکاری ڕێ پێدان
.
و هیچ سکاڵایەك نەبوو بەرامبەر بریارەکانی کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەم خاڵەدا , لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسپاردەکان ڕێ ئەدات بە قەوارە سیاسی یەکان کە رەخنەبگرن لە بڕیارەکانی کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق.
نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی بەشێوەیەکی تێر وتەسەل باسی کرداری ڕێ پێدان لە ڕاپۆرتە کۆتایی یەکەی خۆیدا دەکات.